## ڤالانتاینت پیرۆز نیشتمان ... ڕووناک شوانی



هەرچی ئەکەم، هەر وەک عاشقانی دنیا، لە جەژنی دڵدا، گوڵەباخێک، گوڵە مێخەکێکی ئاڵ، ئاوێتە بە جوانترین پەیام. . . یا لە پۆستکارتێکی مەخمەڵی، سۆزم بکەم بە کۆپلەیەک لە جوانترین هۆنراوە. . . یا نەغمەیەک لە ستران، بینێرم بۆ تۆی نیشتمان، وەلێ، ببورە ئازیزم، ئەم ڕوحە شەکەتەی ئێمەی بارگەکراو، بە کێوە خەمەکانی ژیان، بەو هەموو خۆزگە جوانەمەرگەوە، کەی ئەتوانێ عاشق ببێ؟؟

بەڵێ هاوڕێم!! لە لای ئێمە عەشق وەهمە، عاشقانیش گەلێک سەهوون.

خەوم بینی، لە زیارەتی پەرستگایەکەی یارا، لە خەڵوەتدا، هەموو عاشقان بەدەور یەک، دەست بە دەستنوێژ، کۆڕی زیکریان بەستبوو، هەروەک سەدەکانی ئەوین، شەم بە چواردەوری میحراب هەڵکرابوو، بۆنی بخور و گوڵاو، تێکەڵ بە تەهلیلەی یارا، لە گەرمەی مەراسیمی عیبادەتدا، بەکراسێکی ئاوریشمی، پەمەیی، ڕەنگ باڵی پەپوولە، چووم تێکەڵی مەجلسیان بم، ڕاچڵەکیم. . . ناااااا. . . وەهم بوو. . . خەوێکی خۆڵەمێشی بوو. . .

دارستان، گوزەریکە، بۆ دنیای ئەوین و زەردی پایز، لە ژێر سەدای ڕێژنەی باران، سرەوتن، لە ئامێزی دڵنیایی، چ سیحرێکی دەگمەنە، مەستبوون بە میلۆدیا ئەرخەوانییەکانی خەزان، شۆپان، بەم سیحرەوە مەست بوو، سەمفۆنیای نەمری داهێنا، بۆ چۆکدادەن بە مەرگ، نا. . . نا. . . هاوڕێ، کێ ئەتوانێ ئەفسانە بکا بە ڕاستی، ئەویش وەهمە. . .

ڕەوەندێکم لە خێڵ دابڕاو. . . دڵنیاییم ونکردووە. گەلێک ماندووم، عەودالْم بۆ کونجێ. . . ساباتێ. . . دڵێ. . . ناوی لێ بنێم نیشتمان. . . پەنا بۆ ئەو نوورە دەبەم کە لە چرا کزەکەی، ماڵی تۆوە بەدی دەکەم. . . دالْدەم بدە. . . ئەی سێبەری دڵنیایی. با لەوە زیاتر ون نەبم. . . نااااا نوور نەبوو. . . دالْدە نەبوو. . . چەند سەهوو بووم. . .

لەسەر چوارڕیانی شارەکەم، پەپولەیەک، سک برسی، بەرگ شڕ، چەپکێ نێرگز بەدەستەوە، لە ڕۆژی عەشقدا ئەیفرۆشێ بە عاشقانی وڵاتێک، عەشق تیایدا وەک ئەفیون یاساخە. . . چی تراژیدیایەکە. . . ئەی کەوابێ ئەم ژیانە پڕ لە وەهمە. . . عەشق درۆیەکی گەورەو. . . تۆش سەرابی.

ستۆکهۆڵم
2007/2/9

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.